# ئاینشتاین*
# دوو شت سنووریان نییه، گەردوون و گەمژەیی مرۆڤ

و: محەمەدی مشیر
Muhammad_mushir@yahoo.com

رەنگە لەوەو پێش هیچ زانایەك ئەو ڕێزەی لێنەنرابێت كە لە ئاینشتاین نراوە و ،لەوانەشە كەسێك نەبێت "تیۆری ڕێژەیی"یەكەی نەبیستبێت ئەگەرچی تەنها خەڵكانێكی دەگمەن لەوانەی بایەخ بە فیزیك دەدەن لێی تێدەگەن،كەواتە ڕازی جەماوەر زۆری ئەو زانایە مەزنە چییە؟

**"خەڵك بە قسەكانم پێدەكەنن و چەپڵە لێدەدەن چونكە لێیان تێدەگەن كەچی پێت پێدەكەنن و چەپڵەشت بۆ لێدەدەن چونكە لێت تێناگەن"**، ئەمە ئەو گوتەیە كە ڕۆژێكیان ئەفسانەی كومیدیا، **چارلی چاپلن**، بە ئەنیشتاینی گوتووە. لەوانەیە ڕێزی ئاینشتاین و بە بلیمەت لە قەڵەمدانی لەم سەردەمەماندا لە لای چاپلن بۆ قورسی تیۆرە ڕێژەییەكەیی و سەختی هەرسكردنی بگەڕێتەوە ، بەڵام ئایا ئەمە تەنها هۆكاری بە (سوپەر ستار) لە قەڵەمدانی ئەم زانایە بلیمەتەیە؟

تیۆرەكە كۆمەڵێك پرسیاری وروژاند ولە هەموو لایەكەوە دەرگای بۆ تۆژینەوەی زانستی والاكرد. لەبارەی ئەم كەسایەتییە مێژووییەو بەرهەمەكانی لە بواری زانستە سروشتییەكانەوە، سەرۆكی دامەزراوەی لێتۆژینەوە فیزیكییەكانی ئەڵمان،كنوت ئۆربان، دەڵێت:"تیۆرەكەی ئاینشتاین ژیانی مرۆڤی گۆڕی و، زانستەكانی گەردوونیش شتێك لە شاراوەییان تێدایە كە هانی ڕێزلێنان و نەوازشت دەدەن .. كارەكانی ئاینشتاین ئاسۆی بیركردنەوەی مرۆڤیان فراوانكرد و، وێنەیەكیان لە بارەی گەردوونەوە دایەدەست كە پێشتر بە بیری هیچ كەسێكدا نەدەهات".

## ئاینشتاینی مرۆڤ

گرنگی ئاینشتاین تەنها لە تیۆر و تۆژینەوە زانستییەكانیدا نییە، چونكە دوای ساڵانێك لە بایەخدان بە "ئاینشتاینی زانا"، بەم دواییە بە شێوەیەكی بەرچاوتر بایەخدرایە "ئاینشتاینی مرۆڤ"، ئەوەبوو لەگەڵ ڕەچاوكردنی ساڵی 2005 بۆ ئاهەنگێڕان لە یادی ئاینشتیان لە ئەڵمانیادا، كۆمەڵێك نووسین سەریانهەڵدا كە سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە بۆ یادەوەرییە كەسێتییەكان و ئەو وتارانەی لە گەڵ نەوەكانی هاوچەرخی خۆیدا گوریبوونییەوە كە بەم دواییانە دۆزرانەوە و بە شێوەیەكی تایبەت باس لە ژیانی كەسێتی و لایەنە نەزانراوەكانی ئەم زانایە مەزنە دەكەن ، لەوانەش ئەو وتارەی كە لە ژێر ناونیشانی( بۆچی جەنگ؟) ئاراستەی سیگموند فرۆیدی كردبوو، هەروەها ئەو نووسینانە پشت دەبەستن بە گەواهی ئەو كەسانەی ئاینشتانی مرۆڤیان ناسیوە و لە نزیكەوە لەگەڵیدا ژیاون.

زانای مەزن بایەخی زۆری دەدایە مرۆڤایەتی تاکو زانست،تەنانەت خەڵکی لەوە ئاگادارکردەوە کەنەبادا زانست بکەنە گرنگترین شت لە ژیاندا،چونکە "**ئەو لەو باوەڕەدابوو کە زانست هەرچەندە هێزو بازووی هەبێت بەڵام لە هەمان کاتدا دڵی نییە و،بڕوای وابوو مرۆڤ بە کردە ناژیت تا ئەو کاتەی نەچێتە دەرەوەی خودی خۆی"**.بۆیە زۆر خەمباربوو کاتێك بینی کە وزەی ناوکی سەرباری ئەوەی کە رووی مێژووی گۆڕی، بەڵام نەیتوانی شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤ بگۆڕێت،ـ بۆیە لەمبارەیەوە دەڵێت:"**ئەگەر بمزانیبوایە دەبوومە سەعاتچی**"، ئەگەرچی ئەمڕۆکە بۆچوونە سیاسییەکانی ئاینشتاین بە ساویلکە لە قەڵەم دەدرێن، بەڵام لە خۆشەویستی ئاشتییەوە هەڵدەقوڵان و لەو باوەڕەدابوو کە هەرگیز جەنگ ناتوانێ ئاشتی بهێنێتەدی،بەڵکوتەنها رێگە بۆ ئاشتی لێکگەیشتنە.گرنگترین بەشدارییە سیاسییەکانی ئاینشتاین ئەو گوتارەیەتی کە ئاڕاستەی سەرۆك (رۆزفێلت)ی کردبوو لە بارەی بۆمبی ناوکی، کاتێکیش لەمەڕجەنگی سێیەمی جیهان لێیان پرسی وتی:" **من نازانم مرۆڤ لە جەنگی جیهانی سێیەمدا چ جۆرە چەکێك بەکاردەهێنێت بەڵام دەزانم لە جەنگی جیهانی چوارەمدا بەرد و دار بەکاردەهێنێت**".

## ئاینشتاینی رووخۆش و دەم بە خەندە

کاتێك ناوی ئەم زانایە لە وتارێك یا بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا دێت،هەمیشە ئاماژە بۆ بلیمەتی و خەیاڵی زانستی بێسنوورو شتی لەم تەرزەی ئەو دەکرێت،بەڵام ئەمە تاکە هۆ نەبووە بۆ ئەو سەرنجراکێشییە دەگمەنەی کەسایەتی ئاینشتاین هەیبووە، چونکە گیانی کۆمیدیاو خۆشنوودی ئەو رۆڵێکی باڵایان هەبووە لە راکێشانی سەرنجی خەڵك بۆ لای خۆی، کە وایان لێکرد ببێتە کەسێکی نائاسایی. هیچ لەو وێنەیەش رۆشنتر نییە کاتێك زمانی لە رۆژنامەوانەکان دەردێنێت پاش ئەوەی وازی لێناهێنن... زۆرجاران ئاینشتاین تەنانەت تیۆرەکانیشی دەکردە گاڵتە، بۆنموونە پڕەنسیپی تەلەگرافی بێسیمی بەوپەڕی سادەییەوە شیدەکردەوەو دەیگووت:" **ئەگەر تەلەگراف پشیلەیەکی درێژ بوایە چی روویدەدا؟ کاتێك لە نیویۆرك کلکییت دەگرت لە لوس ئەنجلۆس دەیمیاواند، ئەمەیە تەلەگراف بەڵام بەبێ پشیلە**". ئاماژەی بەوە دەدا کە داهێنان رادەوەستێ گەر مرۆ حەزی منداڵی لە دەسبدات و دەیگوت:"ئەگەر أ= سەرکەوتن، ئەوا أ=س+ ص+ج. چونکە س= کار،ص= یاری، ج= دەمت بە داخراوی بهێڵیتەوە"، هەمیشە دەیگوت " **قورسترین شت لە جیهاندا کە دەکرێ تێیبگەیت باجی دەرامەتە**". یەکێ لە وتە خەندەدارەکانی ئەوەبوو کە دەیگوت" **دوو شت سنووریان نییە، گەردوون و گەمژەیی مرۆڤ، ئەگەرچی من لەبارەی گەردوونەوە دڵنیانیم**".

## زانست جگه له "دووباره ڕێکخستنه‌وه‌ی بیرکردنه‌وه‌ی ڕۆژانه‌مان هیچی تر نییه"

ئاینشتاین مرۆڤێکی خاکی بوو، هه‌میشه جه‌ختی له‌وه ده‌کرده‌وه که ڕێککه‌وت و به‌خت وایانکرد بگاته تیۆره‌کانی، هه‌روه‌ها پێشبینیشی ده‌کرد که جگه له خۆی تیۆره‌کانی سه‌رنجی که‌سێکی تر ڕانه‌کێشن ، هاوکات له‌وه‌ش نه‌ده‌گه‌یشت که بۆچی ئه‌و هه‌موو بایه‌خه‌ی ڕاگه‌یاندن به‌ده‌وریه‌وه‌یه. ئه‌و وایده‌بینی که پاراستنی گیانی منداڵی و گاڵته‌جاڕی و ڕووخۆشی، به‌شێوه‌یه‌ك له شێوه‌كان ڕازی سه‌ركه‌وتنی ئه‌ون ، ئه‌و له‌و باوه‌ڕه‌دابوو که له فێربووندا کۆسپێك له‌به‌رده‌م بیرکردنه‌وه‌ی ئازاددا هه‌یه. بۆیه پێناسه‌ی ئه‌و بۆ ڕۆشنبیری بریتی بوو له:" **مرۆڤ تا ئه‌و کاته له ژیاندا نامێنێ تاوه‌کو هه‌موو ئه‌وانه‌ی له قووتابخانه فێریان بووه له بیربکات**".

## خودا بزوێنه‌ری لێکۆڵینه‌وه‌ی زانستییه

ئاینشاین بێباوه‌ڕ نه‌بوو به‌ڵام به‌و ئایینه‌ش ڕازی نه‌بوو جیاوازی بخاته نێوان مرۆڤه‌کان و، هه‌روه‌ها وێنای خودای دوور له گه‌ردوون و بوونه‌وه‌رکانیشی ڕه‌تده‌کرده‌وه. سه‌رسامبوو به بۆچوونی سپینوزا(1632– 1677 )، ئه‌و فه‌یله‌سوفه جووله‌که‌یه‌ی که‌وا بنه‌مای ڕه‌خنه‌ی شیکاریی ومێژووی ته‌وراتی دامه‌زراند و گوتی:" **خودا له هه‌موو شتێکدا هه‌یه که بوونیان هه‌یه و، هه‌مووشتێکیش که‌هه‌یه له خودادا هه‌ن**".ئه‌مه‌ش له بیرکردنه‌وه‌ی سۆفیزم به‌دوور نییه، ئاینشتاین باوه‌ڕی وابوو که خودا له هه‌موو شتێکی سروشتدا بوونی هه‌یه ، بۆیه زانست و ئایینی به‌یه‌که‌وه گرێداو له‌وباوه‌ڕه‌دابوو که "**زانست به‌بێ بونی ئایین گێڕه و ئایینیش به‌بێ زانست کوێره**".

***سه‌رچاوه سایتی (الطریق)**